تەتـــروسكەكان یان الاتـــروسك

Etrusques

بنەرەتی ئەتروسکی یەکان: ئەتروسکی یەکان نەتەوەیکی لە خلیج ئیتالیا ژیاون لە کۆتایی سەردەمی برۆنزی تاکو دەست بەسەراگرتنی رۆمانەکان بە سەر شاری (Velzna) سەنتەری ئەتروسکی بوو . بە بۆچوونی مێژوو نووس (Tite-Live) ئەم مەڵبەندە فلزانە Velzna لە (١٢ شار) پێك هاتووە ، واتە (کۆمەڵی شار کەیەك مەڵبەندی گەورەیان پێك هیناوە) لە ساڵی (٢٦٤ پ.ز).

ئەصڵ و ڕەگەزی ئەتروسکەکان زۆر گفتوگۆی لەسەرە تا ئێستاش ، وەك ئەوەی هندۆ ئەوروپی بن وەیان لە یۆنانەوە کۆچیان کردوە لەسەردەمی پلاجیسیەکان (Pelasges). پلاجیس ناوی یەکەمی دانیشتوانی کۆنی یۆنانە پێش کۆچ کردنی هۆزەکانی تر وەك (الاخائین) یان (أیوتیە) و دواتر کۆچ ئەکەن بەرەو ئیتالیا.

کلتوری (Villanava) لە (٩٠٠- ٧٠٠ پ.ز) کە سەردەمی چاخی بەردینە لە شارستانیەتی ئەتـروسك و ناوی شوێنیکی شوێنەواریە بە ناوی (Villanavadi) و شاری (Castenas) لە ناوچەی (Bologne) لە ئیتالیا.

ئەتروسکەکان لە لای ئەغریقیەکان بە ناوی (Thyrreniens) ناسراوبوون لە تێدا یان بە ناوی دەریای رووباری تیرانە ناونراون.

بەپێ بەلگە شوێنەواریەکان شارستانیەتی (ڤلانوڤیان _Villanovinne) ئەگەرێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ لە سەدەی (١٠ تا کۆتایی ٧ پ.ز) ،بەلاّم بەپێ سەرچاوە مێژووییەکان باسی کۆمەڵێ شار و خەلکی ڕەگەز جیاوازی دەریای ناوەراست بە تد ریجی بەرەو باشوور ئەڕۆن و کۆنترۆڵی رۆما ئەکەن و بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ لەلایەن پاشاکانی ئەتروسك حوکمڕانی دەکرین ،و

شاری (نولا_Nola) پایتەختی کۆن فیدراڵی ئەتروسکەکان بووە و شاری (پومپی- Pompei) یەکەم شواری هەبووە لە ناوچە جیاواز یان مستعمراتیان دروست کردوە . هێزی ئەتروسکەکان لاواز ئەبێت دوای شەڕی (کومس- Cumes)لە (خلیج – Gaete) و ١٢کم ڕۆژئاوای شاری (Naples-ناب) ئیستا لە ئیتالیا و ناوچەیکی شوێنەوارە گرنگە ئەمرۆکە (شەڕی Syracus) وهێرش کردنی ساڵتەکان کۆمەڵی نەتەوەی ئەوروپی یان (هندۆئەوروپی) (Celtes) ناوچە دەشتاییەکانی (Po-پۆر) و هۆزەکانی (Samnites) هێرش بکەنە سەر ناوچە لادێیەکان و دەست گرتنی ڕۆمانەکان بەسەر ناوچەی (أتروریا) و ناوچەی فلزان ٢٦٤پ.ز (Velzna) و (Veies) لە ساڵی (264پ.ز).

هەمو و ناوچەکانی ئەتروسکەکان کەوتە ژێر دەستەلاتی ڕۆمان لە (١٧ پ.ز) و لایەنی ئیداری بووە (Italie Romaine) ئیتالیای ڕۆمانی .

هێزی سەربازی ئەتروسکەکان زورتر لەلایی دەریاوە بوو ،شارەکانیان بە شورا دەورە درابوو لە شوێنیکی ستراتیجی گرنگ بوو واتە (جیوستراتیجی _ جغرافی أستراتیجی) .

ناوچەی ئەترەسکەکان ناوچەی ئەمرۆکەی (ئەتروریا) و(توسکات) لە ئیتالیا لە باکوری ناوچەی (لایتوم _Latium) لە باکوری ، لە ڕۆژئاوا ناوچەی (ئومبری _Ombrie). شارەکان لە سیستەمی (کۆن فید رالی ١٢ شار) بووە پێك هاتبوون .خاکی ئەتروسکەکان دەوڵمەند بوو بە کانزا و منجم ئەمە بۆ هەموو گەشەسەندنی ئابووری و کشتوکاڵی و دروست کردنی خشڵ و زیو و جوانکاری .

کۆمەڵگای ئەتروسك کۆمەڵگەیکی (اولغریك) واتە کۆمەڵگا لە لایەن خانەدانەکانەوە بەڕێوە دەچوو و چینەکانی کۆمەلگا پێکهاتبوون لە کۆیلە و پیاوی ئازاد ،هەروەها ئافرەت ڕۆلێکی گرنگی هەبووە لە کۆمەڵگای ئەتروسکی دا.

ئایینی ئەتروسکەکان هەمە خواوەند بوون . خواوەندی ئەغریقیەکان (وکلواز ناوچەی فرنسا کۆن) ئە پەرست .ئەتروسکەکان ناسراون بە شێوازی ناشتن وجۆری گۆرەکان (القبر) بە شێوازی ناشتنی مردووەکان بە چەند جۆرێك بووە :-

١-ناشتنی مردووەکە بۆ ناو خاك یان ناو بیر (بئر) بە شێوەیکی سادە بەڕیز بەردییان دەخستە سەر مردووەکە .

٢- جۆری دووەم بە پی پلە و پایەی مردووەکە و کاری و گرنگی ئەو سندوقەی کە بۆی دروست کراو ونەحت وپەیکەری لەسەرکراوە ، یان شێوەی نەحتی دەم وچاو ەی مردووەکەی لەسەر کراوە بەتایبەتی ئەگەر خانەدان بێت .



٣- جۆری سێیەم بە نحت یان فریسگ (رسم) و نەخشی ڕەنگاوڕەنگی جوان.

شێـــــوەی گۆڕەکـــان :

١- لە ناو گۆزەی شێوە هێلکەی قە پاغ دار شێوەی (biconique) و یان لە ناو (تاق لەبەرد) دروست کراو . ئەم شێوە ناشتنە لە قەڕنی (١١و٨ پ.ز) لە سەردەمی چاخی بەردینی ئاسن .

Gravure d'un exemplaire d'urne-cabane

٢- لەناو گۆزە یان جرە و سەری لەسەر دائەنین بئ ئەڵین (Canoopic) و پـــاشماوەی مردووەکەی کە دوای سووتاندنی تیادا دائەنین. ئەم شێوازە لە قڕنی (٧_٦ پ.ز) بووە.



٣-شێوازی گۆر وەك گرد ناوی(Tumulus) **ووشەیەکە لاتینیە بە مانای شێوەیەکی بازنەی وەك گرد بە شێوەی دەستکرد دروست دەکرا بۆ ناشتنی مردووەکان بە شێوەیکی کۆمەڵ بە بەردی بورکانی** (Tuf) **دروست کراوە بۆ نموونە ناوچەی توسکان** (Castei d Assa) **و ناوچەی** (Orvieto).



٤- شێوەی ناو شاخ بە هەڵکەندنی ناو شاخێك و بە خەندەق ئەچیتە ژوورە وە یا مەمەڕێك وەك لە ناوچەی (Sovane و Populonia و Sarteno) **دۆزراوەتەوە و شێوازی تریان هەیە ئەتروسکەکان بە ناوبانگ بوون بە دروست کردنی خشل و زێڕ.**